لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد

فەرهەنگی لەک و لوڕ

دانان و کۆکردنەوەی :

حەمیدی ئیزەد پەناه

لێدوان و بەراوردکردنی

مەحموود زامدار

چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد

بەغدا – ١٩٧٨

لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد

فەرهەنگی لەک و لوڕ

دانان و کۆکردنەوەی :

حەمیدی ئیزەدپەناه

لێدوان و بەراوردکردنی

مەحموود زامدار

چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد - بەغدا

١٩٧٨

من مطبوعات المجمع العلمي الكردي

قاموس
(لك) و (لر)

جمعه : حميد ايزدپناه

تحقيق ومقارنة : محمود زامدار

مطبعة المجمع العلمي الكردي

بغداد - ١٩٧٨

خوێنەری هێژا :

دوکتۆر (بهرام فرەوشی) ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی (ایران باستان) بەم چەند وشەیە فەرهەنگەکە دەکاتەوە و دەڵێ :

« دیالێکتە ئێرانییەکان پڕن لە گەنجینەی زۆر گەورەی ئەدەبیات ، کە لە سەرمایەی بە نرخی مەعنەویی وڵاتە دێرینەکەمان و پاشماوە شارستانییە گەورەکەی ماوەتەوە، ئەو سەرمایە گەورەیە ــ بە داخەوە ــ بەرە بەرە وا لە دەس دەچێ و بە تێپەڕینی رۆژگار دیالێکتە کۆنەکان دەکوژێنەوە و لە بیر دەچنەوە .. یەکێ لــە ئامانجەکانی ئەنجومەنی (فرهنــگ ایران باستان) کۆکردنەوە و پاراستنی ئەو دیالێکتانەیە [1] .. کتێبی فەرهەنگی لوڕیی یەکەمین کتێبی زنجــیرەی دیالێکتە ئێرانییەکانە .. هیوای ئــەوە هەیە کە ئەنجومــەن بتوانێ دیالێکتە ئێرانییــەکانی تریش ، کە چەند ســەدێکن ، کۆبکاتەوە و بڵاویان بکات [2] زۆر سوپاسی دۆستی زانامان کاك دکتۆر

(۱) گەڕان و سوڕان و ساغکردنەوەی دیالێکتەکانی کوردیی (دایك) مەزنترین و کوردانەترین کارێکە ، لە بەردەم ئەدیب و رۆشنبیر و زانایاندا .

(۲) لە ئەنجامی تێکەڵاویی گیانی بە گیانیانەی لوڕەکان لەگەڵ میللەتی فارس و لەبەر ئەوەی ئەم میللەتەیش ، وەکو میللەتێکی گەورە و حوکمڕان، دەوری مێژوویانەی خــۆی دەبینێ .. بۆیــە زۆر شتی رۆژانەی سیاســی و رۆشنبیریی و شارستانێ لە ئەم وەرگرتوە ، هەروەکو چۆن ئەم دیاردەیە لە نێو ئێمەدا لەگەڵ برا عەرەبەکان هاتۆتە کایەوە ، هەروەك کوردەکانی کوردستانی تورکیا و کوردەکانی یەکێتیی سۆڤێت و سوریایش .

(منوچهری ستوده) مامۆستای زانستگا ، دەکەین کە لە کاری ناسینی دیالێکتە ئێرانییەکاندا مامۆستایەکی بێوێنەیە و کتێبی فەرهەنگی لوڕیش لەژێر چاودێریی ئەواندا ، ئامادە و ڕێك و کۆك کراوە .. هەروا سوپاسی کاك (حەمیدی ئیزدی پـەنا)یش دەکەم ، کە دیالێکتی زگماکی خـۆی کۆکردۆتەوە و لە سازکردنی ئەم فەرهەنگەدا زۆر ڕەنجی کێشاوە ، هیوادارم کە درێژە بە کاری سودمەندی خۆی بدات .

سوپاسـی خاتونی خێرخواز (فەرەنگیز یەگانـەگی) کە خـەرجی چاپکردنی ئەو کتێبەی لە سەرمایەی خوالێخۆشبو ، جەمشیدی یەگانەگی داوە ؛ سلاوم بۆ گیانی ئەو پیاوە خێرخوازە دەنێرم ..

هەروا سوپاسی دۆستی هونەرمەند کاك (اکبر قطره دریائی) دەکەم ، کە ئەم کتێبە بە یارمەتی ئەوان گەیشتۆتە بەردەست .



سەرەتــا

لە پاشا (زانایەکی !) دیکەی (منوچهر ستوده) ناو دەقی سەرەتاکە دەشکێنێ و بەم چەشنە دەدوێ :

« نزیکەی سەد و پەنجا زاری جوێ جوێ لە دیالێکتەکانی (فارسی !) کەلە ئێرانی گەورەدا ، تـا ئەمڕۆ برەویـان هەیـە ، جێگەی سـەرنج و تێڕامانی زمانناسانی ئەورووپایی و ئێرانییە •• ئەو دیالێکتانە هەر لەو کاتەوە کە زمانی فارسی کۆن لــە بارەگای هەخامەنشیەکاندا برەوی هەبوو ، لــەو زەمانەدا زەردەشت پێغەمبەری ئێران گاتەهای دەنووسی ، لەو سەردەمەدا کە ساسانییەکان بە زمانی پەهلەوی دەدوان . لە سەرتاسەری ئێراندا هەبوون و زمانی وتووێژی تیرە جیاجیاکانی ئارایی بوون •• گرینگی و نرخی ئــەو دیالێکتانە لە ــ بەردنووسەکانی ــ هەخامەنشییان یـا ئاوێستای زەردەشت، یا نووسراوەکانی پەهلەوی کەمتر نین • زمانی فارسی و زمانی ئاوێستا و زمانی پەهلەویش ڕۆژێ لە ڕۆژان ، یەك لەو دیالێکتانە بوون [1] •

هەریەك لەو دیالێکتانە . پڕن لە وشە و تەرکیبات و زاراوەی ڕەسەنی فارسی و هەریەك لەوانە دەکرێ بۆ فارسی ببنە کانگەی ئیلهامبەخش •

ئەو دیالێکتانە لە کۆنیشەوە . ئەدەبدۆستان پەیوەندییان پێ نەبوە و

(1) بێو سەدەبێ دەبێ ، گەلێ وشە و دەستەواژەی تازەبابەتی کوردی لەڕێی گۆڤار و ڕۆژنامەکانەوە ، کەوتوونە نێو زمانی ئەدەبیمان ، کە لە نە نەژادا لوڕین .. هەمان شتیش بۆ کرمانجی ژۆرۆ •

ئەدیبان و زانایان کەمتر سەرنجیان داوەتێ ، رەنگە کۆنترین کەسێ کە بایەخی بەوان داوە (مقدسی) جوغرافی زانی بە ناوبانگ بێ ، کە لە گەشتەکەی خۆیدا ، گەیشتۆتە هەر شارێ ، سروشتە تایبەتیەکانی دیالێکتی ئەو ناوچەیەی زۆر کورت و ساکارانە تۆمارکردوە .. یەك دوو شەرح و توێژینەوەی کورت بە زمانی (طبری)و یەك دوو کتێب لە شێوەی (نصاب الصبیان) و چەند گۆرانییەك بە دیالێکتە ناوچەییەکانی مەڵبەندە جیاوازەکانی ئێران گەیشتۆتە دەست ئێمە ، کە ناتوانین هیچ کامێکیان بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد و تەواوی، یەکێ لەو دیالێکتە ناوچەییانە دابنێین..ئەگەر ئەوانە بخەینە لاوە ، یەکسەر دەبێ بچینە سەر ئەو لێکۆڵینەوانەی کە بێگانەکان کردویانە ، یارمەتێ لەو کارانە وەرگرین ، کە ئەوان لەو بارەیەوە کردویانە .. ئەو خەڵکەی بەو دیالێکتانە قسە دەکەن ، لەبەر بۆنی هۆیەکانی هاتوچۆی ئەمڕۆ ، لە کونجی گۆشەگیرێ هاتونەتە دەرێ ، نەك هەر تەنیا سەر لە شارە گەورەکانی ئێران دەدەن ، بەڵکو بۆ وڵاتانی دراوسێ و ئەوروپا و ئەمەریکایش پێ‌هەڵدەگرن.. لادێییەکی دورنشین ، کە پارەوپولی نیە گەشتی پێ‌بکا ، کە رادیوکەی دەکاتەوە (زمانی ئەدەبی فارسێ) کە لە پایتەخت باوە ، دەبیسێ . لادێییەکی‌تر کە سەروکاری لەگەڵ دەزگای میریدا هەیە ، نامەکانی خۆی بە زمانی باوی (پایتەخت) دەنوسێ و لەگەڵ کاربەدەستانیش بەو زمانە (دەدوێ).. رۆژێ نیە کە رێبوار و جیهانگەڕ و فەرمانبەر و پشکنەرەکان و کاربەدەستانی‌تر ، لە مەڵبەندەوە نەچنە هەمو ناوچەکانی ئێران و زمانی پایتەخت نەبەنە ئەو ناوچانە .. زۆری پێ‌ناچێ ئەو دیالێکتانە لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییانەوە لە بایەخ دەکەون و پاش زەمانێکی کەم ، یەکسەر لەناو دەچن .

ئەرکی ئێمەیە ئەوەی بۆمان دەکرێ ، هەولی کۆکردنەوەی ئەو دیالێکتانە بدەین و لە سەر زار و زمانانەوە بیانهێنینە سەر دەفتەر و کتێب و

له فەوتانی یەکجاری رزگاریان بکەین و رێگایەك بۆ تۆژینەوە و لێکۆلینەوەی زمانی فارسی بکەینەوە ... [٢]

نوسەر تا ئەو جێیەی توانیویتی ، لەو بـارەوە درێغـی نـەکردوە و جاروباریش یارمەتی لەو کەسانە وەرگرتوە . کە پەیوەندییان بە دیالێکتەکە هەبوە ..

فەرهەنگی لوڕی . چەند ساڵ لەمەوبەر نامەی دوکتۆرای کاك حەمیدی ئێزدی پەنا بۆ ، ئەو وەختەی کە بە شێوەی نامەبۆ ، نامەیەکی بەرچاو بـۆ ، چونکە بە (امتیاز)ەوە پەسەندکرا .. لەم چەند ساڵەیشدا ، ئەو نامەیە پاراوتر بوە ، تاکو ئەمڕۆ بوە بە کتێبێکی رێك‌وپێك ..[٣]

وانیە کاك ئێزدی پەنا ، تەنیـا هەر ئەم کتێبـەی هـەبێ ، بەڵـکو لێکۆلینەوەیەکی زۆر وردی ، لە بارەی ناوە جوغرافیاکان ، رێ و شوێنەکان، گۆرانی و مەتەڵەکانی لوڕی و دیالێکتی قەرەجەکانی لوڕستانیشی کردوە .. نوسەر سەرکەوتنی ئەوان لە خوا داوادەکا ، هیوادارە کە ئەم دانراوانـە یەك دوای یەك چاپ بکرێن ..



(٢) لوڕ ، وەکو رەچەڵەك کوردن و سـەر بەکوردن یا نا ؟ ئـەمەیان کاری مێژونوسە لێهاتوەکانە و کاری یەکێکی وەك من نیە .. ئایا لوڕ خۆیان بە کورد دەزانن یا نا ؟ ئەمەیان کاری برا لوڕەکانە ، چونکە ئەوان باشـتر خۆیان دەناسن . بەڵام ئایا دیالێکتی لوڕی بەشێکە لە زمانی بەرگوشادی کوردی یا نا ؟ ئەمەیان مەبەستی منە .. !!

(٣) فرهنك لری (٢٢ × ١٦) سم ـ ١٩٦٤ ـ لە بەرهەمی (انجمن فرهنگ ایران باستان) کۆکردنەوەی حەمیدی ئێزدی پەنا ـ چاپی فاروس ـ لە خەڵاتی سامانی جەمشیدی یەگانەگی کە بە ئەنجومەنی داوە ، یەك هەزار بەرگە کتێبی لێ‌چاپکراوە .

پێشەکی

ئینجا مامۆستا حەمیدی ئێزدی پەنا ، بە پێشــەکییەکی زۆر کورت و خێرا فەرهەنگەکەی خۆی دەکاتەوە و دەڵێ :

« زۆر لە مێژبو ، لە دەرفەتێ دەگەڕام ، تا بتوانم خزمــەتێ بە زادگا ـ زاینگە ـ کەی خۆم بکەم ، بەختیارانــە کاتێ خوێنــدنم لە کــۆلیجی (الهیات و معارفی اسلامی) ئەم دەرفەتــەم بــۆ پێك هــات .. لەســەر ئامۆژگاریێ و ڕێنوێنییە بە نرخەکانی مامۆستای زانا ، جەنــابی دوکتــۆر منوچهری ستودە ، نامەی دوکتورای خۆم بۆ کۆکردنەوە و لێکۆلینەوەی وشەکانی دیالێکتی لوڕێ و لەکیم تەرخان کرد .. زیاتر لە دوو هەزار وشەی ئەم دوو دیالێکتە کۆکرانەوە و بە شەرحێکی کورتەوە ، لــە بــارەی بــاری کۆمەڵایەتێ و جوغرافیایێ لوڕستان وەك نامــەی دوکتــۆرا پێشــکەشی مامۆستای مەزن کرا .. دیسان بە هاندانی ئەوان بە دوای ئەو کارە کەوتم ، تا ئێستا توانیم ئەم کتێبە بە ناوی فەرهەنگی لوڕێ پێشکەش بە هۆگرانی دیالێکتە ئێرانییەکان بکەم .. چەند مەبەستێکی تریش لە بارەی جوغرافیا و ڕێ و شوێن و گۆرانێ و شــیعرە ناوچــەییەکانی مەڵبــەندی لوڕســتــان کۆکراوەتەوە و ئامادەی چاپن ، هیوادارم بە بڵاوکردنەوەی ئەوان توانیبێتم خزمەتێکی بچوك بە وڵاتە ئازیزەکەم بکەم .

به دڵ سوپاسی خاتونی پایەبەرز (فەرەنگیز یەگانەگی) سەرۆکی بەڕێزی (انجمن ایران باستان) دەکەم کە خەرجی چاپی ئەم کتێبەی داوە ، هەروا لە ئەندامە بەڕێزەکانی ئەو ئەنجومەنە . بەتایبەتی دوکتور بهرامی فرەوشی•• زۆر سوپاسی کاك اکبر قطر دربائی و هونەرمەندی لاو کاك موسایبان دەکەم کە لە کاتی چاپکردنی ئەم کتێبە و ئامادەکردنی کێشەکانیدا هاوکاریان کردم •• جگەرسۆزی و دڵنەوازی هاو شارییە خۆشەویستەکانم و ئەو دۆستانەی کە لەو کارەدا منیان هانداوە . هەرگیز فەرامۆش ناکرێن [١] •

، داخوا چەند پەسەند دەکرێ و چۆن دێتە بەر چاوان » •



١ هەمو شێتکی لوڕ • بیسپتی بە کوردبونیان دەک • زۆربەی زۆری لێکۆڵینەوەکانیش بەبێنوابوە حۆیان لەم راستیبە لانەرار نکەن. . کەچی هەندێ رای سەرێتی هەندێ لە رۆژهەڵاتناس و گەسوەرەکن هەن • بوز بە کورد ناراس . . . سەبر لەوەدا سە . کە بەکتکی وەکو نوسکارەب لە ئەنجامی هەندێ مەسەلەی راستی رمانەوە • ی لە ناشارەزایی خۆی، یا هەر مەبەستێکی تردوە نوتیت . ئەمە بڵێت . . بەڵام کە د. ك. فؤاد ئەمان سەربع و را دوبارە دەکاتەوە • ئەمەیان حتی بکەراییە و بەهیچ جۆرە بەئەمەکی راستبەوە نەندبە. . بڕوانە ڕابیاری ــ ٥ ــ ١٩٧٢). هەروەها گۆڤاری کۆڕ ئەوکی دوەم ــ بەشی یەکەم ــ د. جمال نەبەز) •

لوڕستـــان

که ماموستا ئیزدی پەنا . لەو چەند سانەی دەبێتـــەوە ، ئـــەوەیش فەرامۆش ناکا کە نوێشکێ لە بارەی لوڕ و لوڕستان و ڕێزمانی ئەم دیالێکتە بخاتە بەردەست و بلێ :

« خاکی بەربڵاوانی لوڕستان ، کەوتۆتـــە رۆژئاوینی ولاتی ئێـــران و پارچەیەکی یەکجار گرنگی ئەم ولاتەیە .. وشەی (لر) لە کۆنەکتێبەکاندا بە شێوەی (لوڕ) هاتوە .. خاوەنی (منتخب التواریخ)ی معینی نـــاو ، ئـــەم خاکەی بە لوڕی بچوك ناوبردوە .. مەڵبەندی لوڕستان شاری (خـــوڕەم ئاباد)ە کە قەلاّی فلك الافلاکی تێدا کەوتۆتە نێوەڕاستەوە... ئەم ناوچەیە هەرچەندیش تا ئەمڕۆ بە باشی لێی نەکۆلراوەتەوە بەلاّم بایەخێکی یەکجـــار زۆری هەیە . چونکە سەرزەمینی داب و دەزگا و خووڕەوشت و کۆنە زمانی رەسەنە ، قەلەمڕەوی ئەم زمانە لە سنووری هەمەدانەوە ، تاکو ئەهـــواز و حوزستان دەکشێت ٠ بۆنی شوێنەواری چاخی ماد بەلگەی شارستانێ ئـــەم زمانەیە . کە ئەمڕۆ لە کاتی هەلکەندندا وەدەردەکەوێ .. سەرچەمی رەگ و مکی وشەی لوڕێ بۆ دێر زەمانە دەگەڕێتەوە .. من بۆ ماوەی پێنج ســـاڵ خەریکی کۆکردنەوەی (لوڕێ و لەکێ) بویم و لە بارەی داب و رسومات و ئاین و خووڕەوشتی کۆمەلاّیەتێ ئەم ناوچەیە ئەرکێـــکی فرەم کێشـــاوە و سودێکی زۆریشم بەرکەوتوە .. [1] » .

---

(1) من لەو باوەڕەدام ، کە ئەم فەرهەنگە زۆر ناتەواوە و هەمو شتێکی سەر بەم دیالێکتەی تێدا تۆمار نەکراوە . . .

لە لوڕستاندا ، دوو دیالێکتی سەرەکی بەرگوێ دەکەوێ :

١ـ لوڕی : کە دیالێکتی مرۆڤەکانی دەشت و ناوچە کێوی سنووری باشوور و رۆژنشین و رۆژهەڵاتی ئێرانە .

٢ـ لەکی : کە دانیشتوانی باکووری ئەم ناوچەیە پێی دەدوێن .

لە نێوان ئەم دوو دیالێکتەدا ، هەندێ وردە جیاوازی هەیە کە لەم بەرهەمەدا ڕەچاوم کردووە . سەرباری ئەم دووانەش ستوونەکی بە ناوی (کێوەنی ـ کوێی) هەیە و تایبەتییە بەو مرۆڤانەی کە ئیشیان چاودێری و مانەوەیە .. بەسەر بە وشەکانی لوڕی ، من هەوڵێکی زۆرم داوە ، تا لە فارسی نزیکی بکەمەوە . هەرکاتێ کە وشەیەک هاتبێتە بەردەم و بە فارسییەکەی هەوەی ماناکەیم بۆ نەدۆزیبێتەوە ناچار بە چەند عیبارەیێک ڕوونم کردۆتەوە .[2]

★ ★ ★

(٢) ئەمەشتان بە نموونەیەکی ڕاستەوخۆی ـ سەربارەی ئەم دیالێکتە کوردییە بە فارسی ـ بۆ ئەمان مەبەست چاوێ بە دوا لاپەڕەی « لغات محلی دیوانی بابا تایەری هەمەدانیدا » بگێڕە .. !

ئینجا ..!

هەمو ئەو رابیرییەی کە با هەڵهەسی خۆری سەدەی بیستەمیش . لە بارەی دەنگی و بچوە شتوەکانی نوزدوە . کۆکراوەوە . تەنیا (٨٨) وشە بۆ .. ئەمە و سەرباری چوار پارچە شیعری سبوەی (بەحیساری) کە زلاوردی زۆرەکانیان دەستۆسی کردبۆن . جگە لەو (٣٠) وشەبەش کە بوبوە سەدەی ... دەرەی ئەم دەنگانە دەستۆسی کردبۆن ..

... گەی لێکۆڵینەوەی جۆربەجۆری زانستانەی زۆرەلاسەکانی وەکو (ماکۆلم ـ هزن ـ لترۆ ـ لیرح ـ براون) بە ... کوردانەی سوز و یەکێتی بەچەنیان لەگەل کوردا ناسنە ... .. سپایەری پرۆفیسۆر ئەو باوەڕەدایە . ئەو میللەتەی (نو و) ... کە لە دوچەی زەهاو و شارەزور و سلێمانیدا دەرنا . بنەچەك و باو و باپیرانی لوڕی ئێستان .. [1]

ئەو نوزبەوەدەی کە دو تور ڤریج لە بەرلین بە چاپی گەیاندوە دەڵێ . لوڕ بەشێکی ... کوردی ئێران . کوردەکانی ئەم ولاتە ــ لە ڕوی ... ــ دو بەرەدەی کەورەن . چ ئەوانەی بە کوردی موکریانی و کرمانجی سەرو دەئاخفن . چ ئەوانەی بە کوردی لوڕی دەدوێن .. جگە لەو پەیوەندییە ... کە لە نێوان ئەم دو بەرەبابەدا رەگی داکوتوە . ئەڵێ

---

[1] ... دوی ئەم زانیارییانە لە گۆڤاری کۆڕ ــ بەرگی دوەم ــ بەشی دوەم ــ الزوالتوستان ــ علی سیدو گورانی ، هەڵبژێراوە .

پەیوەندی دیکەش ، هەر لە جوورەوشت و نەریتەوە بگرە . تا سایکۆلۆژییەتی هاوکۆیان ، هەر زۆر زەق و دیارە ••• [٢]

سەرەڕای ئەمەیش ، گەلێ لەو لێکۆڵینەوانەی کە لە ڕۆژهەڵات خۆیدا نووسراوەتەوە ، پەنجەنمای ئەم راستییە دەکەن • لە بەرگی یەك و دووی توێژینەوەی فیلۆلۆژیای ئێران (١٨٩٨ ــ ١٩٠٠)دا هاتووە و دەڵێ « ریشەی پەیوەندیی یەکجار بەتین لە نێوانی لوڕی و کوردیدا هەیە . بە چەشنێ دەتوانین راستە و راست بڵێین . ئەم لوڕییە بەشێکە لە زمانی کوردی ••• »[٣]

مێژوونووسی گەورەی عوسمانلی (احمد جودت) و هەروا (ریچ)ی ئینگلیزییش لەو بڕوەدان کە : «لوڕ و بەختیاری و لەك و گۆران بەشێکن لە نەتەوەی کورد •••» بەرگی پێنجەمی ژمارە (٣٤)ی ئینسیکلۆپیدیای تورکیش ، ئەوەی فەرامۆش نەکردووە کە : « هەندێ زمانزان لەو بڕوایەدان ، کە دیالێکتی لوڕی و بەختیاری . سەر بە زمانی کوردییە. ئەم دوو دیالێکتەیش، پتر لە گرووپی کوردی باشوورەوە نزیکترە . تا گرووپێکی دیکە ••» [٤]

★ ★ ★

ئەم زمانەی ئێمە . کە نیشانەی رەسەنایەتی و بیرکردنەوە و مازەی پشتی نەتەوەکەمانە . بەشێکە لە زمانە ئێرانییە ڕۆژاواییەکان . کە تا سە

(٢) بەڕای من ئەمە هەرعەیبێکی سەربەخۆ نییە . بەڵکو بەشێکە لە دیالێکتەکانی زمانی دایك و بۆ پاشەڕۆژی فەرهەنگێکی تێکڕای کوردی سوودێکی فرەی لێ وەردەگیرێ •

(٣) وشەی (لوڕ) ، هەروەکو دانەری کتێبی (بەرگوزیدە ی فارسی) دەڵێ • ماناکەی بە کوردی (شاخی پڕچڕە دارستان) دەگەیەنێ •

(٤) هەروەك چۆن لای ئێمە ــ کوردستانی عێراق ــ و دەور و بەریدا زۆربەی دیالێکتەکان خۆیان دەنوێنن • ئەوانیش لە ئێرانا و هەر یەکە لەسەر پارچە خاکێکا جێنشینن •

رۆژی ئەمڕۆیش دەگا . هەر بە زیندوویی و هەر سەربەخۆ ماوەتەوە و هەمو خاسیەتی سەربەستانەی خوی لە تەك خۆیا هەلگرتوە و لە رۆی لیکسیکۆلۆژی و واناناسی و ئەتیمۆلۆژی و فرتزیۆلۆژی و فەرهەنگ و فیلۆلۆژیایش . مەوارەیەکی سەربەخۆی هەیە [٥] و زانستی هاوچەرخانەی زمانیش . بەوپەڕی شانازییەوە . لە بەردەم ئەم راستییەدا لەنگەر دەگری و هەروەك چۆن دراسای ورد و جۆراوجۆری ئەم دواییە ئەمەی ساغ کردۆتەوە .

تا ئێستا گەلێ لەو بەحسانەیش کە بۆ گروپی دیالێکتە جیاجیاکانی زمانی کوردی کراوە و هەریەکەیان بە چەشنی دابەشکراون ، هاوسەنگی و رەسەنایەتی و یەکیتی ئەم زمانەمان بۆ وەدەردەخەن و پەردە رەشەکان سەرەنداز دەکەنەوە ... نزیکەی (٤٠٠) سالی بەر لە ئەمڕۆ شەرەفنامەی بەدلیسی ئەم زمانەی کردوە بە چوار بەشی مەزن : (کرمانج ـ لور ـ کەلهوڕ ـ گۆران) مینۆرسکی و تۆفیق وەهبی و ئەمین زەکی و مەکەنزی و کوردۆیێف . هەریەك بە چەشنی .. دوکتۆر کمال فؤاد و شیخ محمدی خال و دوکتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف و دوکتۆر عزالدین رەسول و دوکتۆر امین موبابچی و گەلێکی دیکە لەم مەسەلەیە دوواون .. دابەشکردنەکەی لیژنەی لێکۆلینەوەی زمانیش ـ لە کۆڕی زانیاری کورد ـ بە پێی نەخشەیەکی جوغرافیایەوە ، کردۆیێتی بە سێ بەش (زارەکانی سەرو ـ زارەکانی ناوەڕاست ـ زارەکانی خوارو) کە من بەلامەوە ئەمەیان ـ لەبەر گەلێ شت ـ زۆر دلگیرتر و سەرپەڕتره .. [٦]

---

(٥) بڕوانە (وشەی زمانی کوردی ـ دوکتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف ـ) هەروا (فۆنەتیکی زمانی کوردی ـ محمد امین هەورامانی) .

(٦) ئیمە کە دەلێین ـ لە رۆی جوغرافیا و مێژووەوە ـ (لوڕستان) مەبەستمان لەوە پتر ـ گەر بلێین (موکریان) یا (سۆران) یا (بۆتان) یا (ئەردەلان) ... تاد

بێگومان زۆرێ دیالێکتەکانی کوردی . ماوەی ئاوەیە . لە ئەم کوردە
میللەتەکی بچڕبچڕ و بێ سەروەر و [illegible] نیشتمانی و سەربەخۆی یە .
چونیە [illegible] (دەوڵەت) [illegible] و [illegible] رۆشنبیری [illegible]
دەستووری [illegible] رابوون [illegible] و [illegible] و [illegible]
[illegible] دەوڵەت [illegible] رۆشنبیرانی
رانیدا ئەو [illegible] خەسڵەتەی زمانە لە [illegible] و [illegible] دیاریە .
ئەو دەور [illegible] دەور و بەرینی فراوانتر و [illegible]
دیالێکت [illegible] خۆی .. پەیوەستی [illegible]
[illegible] (گەیشتە بە [illegible]) و (دانکە بە [illegible]) ..
[illegible] خەسڵەتەی [illegible] بە یەکێکی [illegible] دەکەنەوە.
بەندە بە [illegible] بە خۆی [illegible] و [illegible] جۆری کۆ [illegible]
مۆسیقی و [illegible] ئەوینەکۆن و [illegible] جیاوازە [illegible] هەوچەشنەکان ،
واتە [illegible] جیاوازیە [illegible] فۆنۆلۆژی و [illegible] رۆشنان [illegible]
بەلام هەموو دیالێکتەکان [illegible] زۆری [illegible] کۆنە [illegible] و [illegible] .
هەروەکو [illegible] و [illegible] و [illegible] و [illegible] و
پەیوەندی و [illegible] پەیوەندی [illegible] ... هتد .

[illegible] دیالێکت خۆرتکی [illegible] . کە کۆمەڵە مرۆڤێکی
[illegible] [illegible] و لە ئەنجامی چەند دەساوێژێکی
[illegible] (۷) وەکو : [illegible] زمانی . بە چەند زمانێکی
[illegible] و [illegible] و [illegible] . هەروا بەرگوشەدی رووپێوی خاک و
[illegible] هەموو خۆکردن و [illegible] سەربارێ ئەو

---

(۷) بڕوانە کتێبی ــ علم النفس اللغوي ــ دوکتۆر نوال محمد .
(۸) بڕوانە کتێبی ــ مقدمة في علم اللغة ــ دوکتۆر محمود السعران .
(۹) [illegible] و [illegible] و [illegible] دەربڕینا جیاوازی لەگەڵ

جیاوازییانەی کە لە نێوان تاك و تاکێکا هەیە ، چ لە گۆکردن و جۆری دەنگ و دەستەوارەکانی و چ لە هەڵکەوتنی ڕێیەکانی قورگدا •• سەرەڕای ئەوەیش هەرچەندە ، پەیوەندییە مەعنەوی و کۆمەلایەتییەکانی نێو کۆمەڵگایەکی نێو یەك ئافە نیشتمان ، شەرازەی بپچڕێ ، دەها پتر دیالێکتەکانی زاوزێ دەکەن و لق و پەل و پۆ دەردەدەن و جیاوازی لە نێوانیا پەیدا دەبێ . ئەمە و جگە لەمەیش هەرچەند زمان لە (نیشتمانی دایك) دوورکەوتنەوە و ئاوارە بێ ، ئەوەندە دەبێتە مایەی پەیدابوونی بێچوە زمانی جۆراوجۆر •• لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستیانەشدا ، مەزنترین دیاردەیەکی بۆ زمان ـ زمانی زیندوو ـ دەلێکنی (ناوچەیی)یە کە بە مەسەلەی هەرێمایەتی و جوغرافیاییەوە بەندە •• هەروەکو چۆن لە نێوان لەهجە جیاجیاکانی سوریا و جەزایر و عەدەندا هەیە. هەروەك چۆن لە نێوانی شێوە زمانی بەغدا و چبایشا بەدی دەکرێ « هەروەکو چۆن لە شێوە زمانەکانی ئینگلیزی لەندەن و کۆرویل و واشنەن و ئوسترالیا و باشووری ئەفەریقیادا هەیە [10] هەمان شتیش لە زمانی کوردیی ناوچەکانی دیاربەکر و سلێمانی و کرمانشادا هەیە و دیارە •••

ئێگومان دەبنکێ لە ئەنجامی هەندێ هۆی جینایەتی و کۆمەڵایەتییەوە گۆڕانی بە سەرا دێ و جۆری ئاخوتنی دەگۆڕێ•بۆ نموونە : قسەی ـ لەهجەی ـ ڕۆشنبیران غەیری قسەی مەلا و کاسبکار و جوتیارانە «قسەی موتاپایی ڕاستگەی ئۆکسفورد غەیری قسەی کامبوردگە»[11] بەلام لە ئاخوتن و جۆری وشە و تەرکیبی دەستەواژە دەربڕینا یەکن •[12]

دیالێکتەکی تردا هەیە ، کە لە ئەنجامی گەلێ هۆی شارستانی ـ سیاسی و ڕۆشنبیری ـ و جوغرافییەوە کەوتۆتەوە .

(10) گۆڤاری الادب المعاصر ـ ژ ١٣ ـ دوکتۆر صالح مهدی ـ ١٩٧٥ .

(11) هەمان سەرچاوە .

(12) سەرەڕای ئەوەیش زۆر بە دەگمەن ڕێك دەکەوێ ، دۆکەس هەبێ وەکو

تا ئێستە ئەم مەسەلەیە گەلێ پیلەی بوند و ترساردراوە . سەرەڕای ئەمەش (کات) ئەوەندەکی دیاری تیدا دەبینێ . چونکە هەر کۆمەڵێ لەکات و زەمانەیەکی دیاریکراوا . جۆرە ــ ئەحوتیێکی ــ هەیە و لە ئەوەی پێش خۆی و دوای خۆی بەدەرە . بۆ نموونە : زۆر وشەی کۆنی کوردی . لە کاتی خۆیدا بە جۆرێ گۆدەکرا . ئێستە بە چەشنێکی دیکە .. بێگومان زمانی کەلە شعیرێکی وەکو (نالی) بە زمانی (گۆران)ی شاعیر جیایە .. گەلێ لەو وشە و دەستەوارانەش کە لە کاتی خۆیدا . جۆرە مانایەکی هەبوو . ئێستا یا بە تەواوی تەوبوە . یا رەنگی مانایەکی تر دەدەنەوە .. بەڵام دەبێ ئەوە هەڵنەبوێردرێ کە : مەسەلەی زەمان گشتی بەیەکەوە دەلکێنێ . چونکە خاسیەتێکی نەگۆڕاو و دەرنرخەی هەیە .. هەر ئەم پێنە و نەبێنی ئەمە فەرهەنگە و بەێنی زمانەکەی . ئەوا دەردە و پەیوەندیەکانی مێژوویی و فیزیۆلۆگی و جوغرافی و سایکۆ کۆمەڵایەتیەوە . ئەم دیالێکتە دەکا بە بەشێکی هەرە دیاری زمانی زیندوی کوردی ..

ئەمەیان وا . هەر لەگەڵ داهێنانی چەرخی تەکنۆلۆژیش . گەلێ وشە و زاراوەی سەر بە زانستەکانی پزیشکی و ئەندازەوانی و ئابووری و پیشەسازی و داهێنان و هونەر .. تد . هاتونە ناو زمانەوە .. بێگومان هیچ زمانێکیش ــ تا بە دیالێکتەکانیشی دەگا ــ لەم سەرزەمینەدا نیە لە مەسەلەی دان و وەرگرتن لادەراز بێت . تەنیا ئەوەندەیە وەك لە شێوەی سلێمانی ــ کۆن و ئەمڕۆ ــ دەنگەیەتیە گەلێ سەرەنجامی ورد و بەنم و سەیرەوە.... تێیە دەبینێ . شێوە زمانی خەڵکی هیسپا جیایەکی تەواوی لەگەڵ زاری خەڵکی سەقزیەدا هەیە . کە هەردوکیان سەر بە زمانی ئیتالیایین.

بەك . هەمو وشەیەك و رستەیەك کۆ بکەی تا دەری بڕی . ئەمەش لە بەجێی سوێن و بڵەی جوێندەواری و هۆشمەندی و تەندروستی و جۆنیەتی دروستبوونی ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە .

هەمان شێش بۆ پرۆتەسیایی و فەرەنسایی کە لە بنچا لە یەك زمان کەوتونەتەوە . هەمان دیاردەیش لە شێوەی وێلز و بیرکشایری باشوری ئینگلستان و کۆرویلی باشوری رۆژاوا و شێوەی لەندەن »[١٣]

جا ئەگەر ئەمە حاڵی هەمو زمانێکی زیندوی لەبەر چاوی ئەم جیهانە بێت ، دە ئەوا هەمان شت لە نێو زمانی ئێمەشدا دوبارە دەبێتەوە ، هەروەك چۆن لەم هەرهەنگ و باسەدا خۆی دەنوێنی . کە لە بارەی دیالێکتی (لوڕ)ەوەیە[١٤]

★ ★ ★

لوڕی ئەمڕۆ ، بریتییە لە چواربەش : (مامەسێنی ــ کیوەگیلو ــ بەختیاری ــ لوڕی ئەسڵ)[١٥] .

١ ــ خێنەکانی مامەسێنی بریتین لە : (رۆستەم ــ بەگش ــ جاوی ــ دوژمن زیاری) .

٢ ــ خێنەکانی کیوەگیلو بریتین لە : (بەهمی ــ بەهرەهمەدی ــ تیبی ــ بویر ــ نووی ــ گوروم ــ بەوی ــ شێرئەلی ــ یوسفی ــ شارویی ــ ئەهمەدی ــ تیلەکۆیی ــ ئەوشار ... تاد

٣ ــ خێنەکانی بەختیاری ــ لوڕستانی بزورگ ــ بریتین لە : (چارلنگ ــ هەفت لنگ) .

---

(١٣) هەمان سەرچاوەی پێشو .

(١٤) دیالیکی سلێمانی . لەم ماوە درێژەی بەخشنی بەجەرگانەیدا دەوری حۆی زۆر بە کرامەتی بسوە و تا رادەیەکیش پوکاوەتەوە ، بۆیە دەبێ لەژێر سێبەر و بەخشنی ئەم دیالێکتە رەوانەدا ،زۆر زانایانە و شاعیرانە و پسپۆڕانە بە وسە و مرێری دیالێکتەکانی تر موتوربە بکرێت تا زمانی ستانداردمان پتر رەگ دابکوتی و بزاخێ . !

(١٥) لەوانەیە لەگەڵ برایەکی لوڕ . لەبەك حاڵی بۆن تۆزێ زەحمەت بێ ــ لە قسەکردنا ــ بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنی کە سەرتا بە پای مەرهەنگی ئەم دیالێکتە سەر بە زمانی کورد نیە ، هەروەکو چۆن لێرەدا پیشان دراوە.

٤ ــ چینەکانی لوڕی ئەسڵی ــ ئەمیش ــ ڕشتی لــە (دلفان ــ ئامیە ــ سیلە سیلە ــ بالاگریوە) :

ئا ــ (دلفان) بریتییە لە : (کاکەوەند ــ یوسفەوەند ــ مومە ــ ریشەوەند ــ بەختیەوەند ــ چوارق) .

ب ــ (ئامیە) بریتییە لە : (کوشکی ــ ڕودار ــ دیرچق ــ ئومەرایی ــ میراخوڕ) .

ج ــ (سیلە سیلە) بریتییە لە : (حەسەنەوەند ــ یولیوەند ــ یوسوەند)

د ــ (بالاگریوە) بریتییە لــە : (پاپی ــ ڕەشنو ــ ســکی ــ دیرکەوەند) .

سەرەڕای ئەم چینانەش . هەر بە بکوری لوڕستاندا ناوچەیێ هەیە (لەکستان) و چینەکانی (لەك)ی تێدا جێنشینە و ریشیش لەم لیانە : (زەمد ــ مافی ــ بحەلان ــ بەرجن ــ بلاسەلە ــ دەلوەند ــ زەندەگیلی) کە شێوەی زمانیان لە کوردیی سنەدارێەکە نزیکترە لە لوڕ [16] .. جگە لەمەیش لە نێو ئەملەکانی لوڕستانی بچوکدا . گەلێ خێلی پەراگەندەی کوردی وەکو : (مەهکی ــ هەلان ــ شوان) هەن . بە نێو عەشیرەکانی لوڕستاندا . کەلەپوورێکی یەکجار بە نرخ و ڕەوان . لە چیرۆکە شیعر و فۆلکلۆر و گۆرانی و حیکایەت و داستانی شیعریانە هەیە .. ئەوانەی کە هەر لە کۆنی کۆنەوەش بەم دەستکە شیعرەیان چڕاندبێ : (مەلا پەریشان ــ بابە تاهیری هەمەدانی ــ حسێن قولی خان ــ نەجیبە مامەستێی ــ دەفەری ــ فەیزی ــ ئێردی ــ عەلی ئەسعەری ئەهاوەند ــ شێخ حەلی ئەکبەر ــ غولام

(١٦) بە مەند بزانی کرمانجی ڕۆژە . لوڕ لە سنەدارێەکە نزیکە .. خۆ کەسی کەمسی وایش بیە بزانی ئەمی : کرمانجی ڕۆژ هێتکی یەکجار مەزن و جەلەنگی کوردی نیە ...

رەزا ــ میرنەوروز ــ خانەمەنسور ــ شاکە ــ مەلا شەفی ــ مەلا نەوشاد ــ نوێرەکولینی ــ خەلەکە ــ بالـە ــ تاد [١٧] .. خۆ ئـەگەر بکرێ بەڕای هەندێ مێژوونوس و میتۆلۆژیست و کوردناس و لوڕناسەکان . شێوە زمانی (گۆران)یش سەر بە دیالێکتی لوڕ بێ . ئەوا بێگومان بەخشش و بەرهەمی ئەم دیالێکتە . هیچی لـە دیالێکتەکانی دیکەی کوردی کەمتر نیـە ، گەر دەسڕۆتر نەبێ . وەکو : (بوبادی ــ مەولەوی ــ کۆماسی ــ سەیدی ــ وەلی‌دێوانە ــ و گەلێکی تر ...

ئەوەی بێرەدا دەبێ بخرێتە بەر چاوان ئەوەیە کە دیالێکتی لوڕ ، لە ڕۆژی ئەمڕۆیدا دەبێ بە :

١ ــ دیالێکتی لوڕی گەورە کە : (مامەسەنی ــ کێوەگیلو ــ بەختیاری) دەگرێتە خۆی [١٨] .

٢ ــ دیالێکتی لوڕی بچوك کە سەرتاپای وڵاتی فەیلی یا پشتکۆ بە خۆیەوە دەگرێت [١٩] .

---

(١٧) بڕوانە کتێبی ، الاکراد الفیلیون في التاريخ ، ــ محمد توفيق وردی .

(١٨) تیرەی رواو ــ رێنوار ــ یا (مەلحەناوی) کـە بە پـەرش و بـڵاوی لـە دەوروبەری کوت و ئامادان و بەدرە و حەسـان و دیـالە و حیللـە و نەعمانیە و موسـەیەب و کوتە و حوزەم سەهر و ئەهواردا دەژین ، بـە شێوەیەك دەدوێن هەم کورد و هەم عەرەب لێیان تێ‌دەگا ، وەك :

کوشتنەم : کتلونی
سەرم بڕین : ذبحونی

یانە وەکو :

یا شێخ یـا شێخ یـا (تۆزمـال)
یـەك توشم هـات (فد رجـال) . . . تاد

بەڵام کە لەگەڵ عەرەبێکا قـە دەکەن . ئەوا بە عەرەبی و وەکو ئەوان ، کەچی لە نێو خۆیانا بەم شێوەیە دەدوێن .. !!

(١٩) بڕوانە قاموسی زمانی کوردی ــ ل ٤٣ ــ ٤٤ ــ عبدالرحمن زەبیحی .

ئەم فەرهەنگەش ، سەرەڕای ئەوەی بەرپەرچدانەوەیەکی مەیدانی ــ کەم ، زۆر ــ زانستییە . لە هەمان کاتیشدا ڕاستی قسە و نوێچوون و بەروزا و گۆشەیەکی زۆرەڵاتی و کوردەی و ڕاکانی دەسەڵمێنێ و پەردە لە سەر گۆشەیەکی دیدەی تەرك و نوتەکی ئەم مەسەلەیە هەڵدەداتەوە ••

بە دۆزینی ڕاستەقینەکانی تری بۆ هەنگاوی و لایەنەکانی دیکەی ئەم دیالێکتە و پەیوەندی بە دیالێکتەکانی دیکەی کوردی سەیێت و سوزن و دیراسە بکات (٢٠) ••

بێگومان مەبەستی سەر و دوای میش ئەم هەوڵەدا . هەم بەرپەرچدانەوەی (انجمن ایران باستان)ە و هەم ساغکردنەوەی نەژاد و ڕەچەڵەکی کوردانەی ئەم تیرە و هۆزانەی لوڕستانە . دیارە زمانەکەش ــ دیالێکتەکە ــ باشترین بەڵگەیەکە •

ئێمە میمەتێین . پێداویستییەکی زۆرمان بە خۆناسین و خۆناساندن هەیە . زۆر بە حەمی ئێمە لە حەمی حەنگی زاخدراوتر بێ . خۆ ئەگەر لەمەولا ئێمەش بێن بە خەمێکی خەمانی خۆمان . ئەوا بە ڕاستی : لە فەلسەفەی ژانی قووڵ و پاك و مرۆڤانە لامان نەداوە •

مەحمود زامدار

بەغدا ــ هەولێر ــ زستانی ــ ١٩٧٧

---

(٢٠) زۆر هەوڵ دا ، لوڕێکی سەردا بدۆزمەوە . بە کولت و مۆی هەسەدی [illegible] و سەرنج دەدەم لە بەند داتبکەم .. ڕۆم لە یەك دوو کەس کرد . بەڵام بە بەر ڕۆژی بکر بێ بەیاں بەرژایە سەر ئەم ئکاری ی کە لە گشت (کاری) کاریگەرتر و نەمرترە .

ــ ئا* ــ

لوڕی	کرمانجی خوارو	فارسی
ئابادی	چادرنشین ، ئاوەدانی	روستا . چند چادر سیاه روستائی گرد هم .
ئاپارتی	ئیسار	حمەباز . شیاد .
ئاتشەك	ئەبەسێ . سفلیس . ئاگرە.	بیماری سفلیس .
ئاخرسەر	سەرەنجام ، کوتایی	سرانجام‌کار . عاقبت .
ئاخۆن	ئاخۆن ، ئاخوند	آخوند . طبقه روحانی .
ئاردبەهرە	مزەی ئاش ، ئاردەبارە	مقدار آردیکه آسیابان پس از آردکردن گندم یا جو ، بابت انعام میگیرد .
ئارد زرشك	بڕوش ، بڕوێش	سریش
ئاردلو	ئاردەلان	جائی در آسیاب که آرد از میان دو سنگ در آن میریزد .
ئاردیز	ئاردرێژ	نوعی الك است که تور آن از میباشدو این نوع الكرا کولیها درست میکنند و برای بیختن ارد و چیزهای مشابه آن مورد استعمال دارد .
ئارم	هێمن . ئارام ، ئۆقرە	اهسته . آرام .
ئارۆ	چەناگە	آرواره . لثه .
ئاروبالا	لاشەویلاك ، شەویلکە	آرواره بالا . لثه بالا .
ئاروهار	مەلازۆ ، مەلاژك	آرواره پائین . لثه پائین .
ئارۆغ	قرقینه	هوا و گاز معده که با صدا از دهان بیرون آید .

(*) بێگومان ئەم جۆرە دەنگانەش کە لە حیباری فوزکەوە دەردەچن (ئە ـ ئۆ ـ ئێ ـ ئو ـ ئی) لەم شێوە زمانەدا هەیە ... !.

ئاز : هێز ، توانا ، هەژەت	نیرو و توانائی جسمی .
ئازا : ئازا ، ساغ ، بەهێز	سالم . بی عیب . بهبودی .
ئازابییە : ساغبووە ، بەهێز بوە	بهودی یافتن .
ئازاکردە : ئازادکردن ، چارەکردن	معالجەکردن مریض .
ئازکە : جۆرە چێشتێکە کە لە گیایەك کە ناوی ئازبکەیە و هەویرترش دورست دەکرا .	نوعی آش که سابقا از گیاهی صحرائی . به این نام و خمیرمایه درست میکردند و ترش‌مزه بوده‌است .
ئازگار : یەك دوای یەك	بیاپی .
ئازبی : یەکسەر ، زۆبەزۆ	فورا .
ئاژ : رۆی کلاش	نوعی دوخت . نوعی تخت گیوه‌است . آژیه .
ئاژئاژکی : باوێشك	خمیازه .
ئاژئاژکی‌کردە : باوێشکدان	خمیازه کشیدن .
ئاسارە : هەسارە ، ئەستێرە	ستاره .
ئاسەر : ئاواخن ، ئەستار	آستر .
ئاسمۆ : ئاسمان	آسمان .
ئاسەۆغرمە : گرمەی هەور	تندر . رعد .
ئاشیر : شەنە و شەغرە	وسیله ایکه خرمن کوبیده‌را با آن باد میدهند .
ئاغل : ئاخەڵ	محلی که گوسفندان‌را در آن جای میدهند .
ئافرەت : ئافرەت . ژن	صفتی‌است که برای زن بیوه تهیدست و بیچاره بکارمیرود .
ئافەرێ : ئافەرین	آفرین .
ئافەریە : خولقاندن	آفریدن .
ئاکلە : ئاگرە . سوسەنەکێ	نفس .
ئاگول : فێڵ ، تەڵەکە	حقه . نیرنگ .
ئالاکو : جۆرە ئامرازێکی ئاسنینی دەسکدارە کە بۆ بژارکردن بەکاردێت .	وسیله‌ایکه از آهن درست شده‌است و دسته چوبی دارد و با آن وجین میکنند و علف‌های هرزه‌را از زراعت برمیکنند .
ئالەت : بیبەر . ئالەت	فلفل .
ئالەت‌فرەنگێ : بیبەری سەوز	فلفل سبز .
ئالەنگ : بەرەڵلا	ولگرد .

ئالشتكرده : گۆڕین . ئالشــت ، بژاردن	عوض‌كردن .
ئالونەك : خانوچكە	چار دیواری موقتی كە معمـولا برای كسانیكه از بوسـتان یا رراعـت نگبانی میكند میسـازند .
ئامادە : ئامادە	حاضر . آمادە .
ئاموخنە : ئامیتە ، تێكەڵاو	آموخته . عادت‌كردە .
ئاهویر : ئاخوڕ	اخـور .
ئاهن‌روا : ئاسنكێش ، موقناتیز	آهن‌ربا .
ئاهە : ئاسن	آهــن .
ئایم : ئادەم	آدم . (۱)
ئایم‌هەرەك : ئادەمی خۆر ، بنیادەم خۆر	آدم خوار . جـانور وحشــی آدم خوار .
ئایمی‌زاد : ئادەمیزاد	آدمی زاد .
ئایمی‌زایە : ئادەمیزادە	آدمی زادە .
ئایینە : ئاوێنە	آینــە .
ئــە : ئا . بەڵێ . دە	اگر . حرف شرط . بلی . آری .
ئەبلەق : ئەبلەق ، رەش‌وسپی	سیاه و سفید . دوبین .
ئوجاغ : وەجاخ . تەوە . میراتكر	اجاق . فرزند و وارث .

(۱) وەكو دیاردەیەكی ئەم زمانە فراوانەی ئێمە و لە سـەرانسـەری دیالێكتە جۆی جۆی‌كەیدا گەلێ لە پیتەكان دەگۆڕێن و جێ‌گۆڕكێ دەكەن . یا هەر فڕێ دەدرێن ، هەروەك چۆن لە لوڕیدا دیارە :

(ی) دەبێ بە (د) یا بە (و)
(د) « « (گ) یا (ی) یا (ت)
(ل) « « (ر)
(غ) « « (ق) یا بە (گ)
(ق) « « (غ)
(و) « « (ب)
(ئە) « « (گ)
(ح) « « (خ)
(خ) « « (ق) یا (غ) یا (خ)
(و) « « (م)
(ج) « « (گ)
(ژ) « « (ش) ... تاد

نوجاغ‌کور : وەجاخ‌کوێر	کسیکه فرزند و عقبه ندارد یا فرزند دارد و نااهل است یا فرزند نرینه ندارد .
ئەچی ؟ : ئەی . هەروا	پس چه !
ئەخم : گرژبوون . ڕووترشی	ترشروئی .
ئەخم‌وتەخم‌کرده : خۆگرژکردن	ترشروئی کردن .
ئەر : ئاگر . ئاور	آذر .
ئوبر : هەور	ابر
ئرامێ : بوخچەی حەمام	نوعی بافتنی‌است مانند سجاده که معمولا وسایل‌حمام‌را در آن بپچند .
ئەرجه : زەردەلوو	درخت زردآلوی کوهی .
ئەردەنگ : شەق	اردنگ .
ئارده : ئارد کونجی	کنجد کوبیده شده که روغن آن گرفته نشده‌است .
ئەرزو : هەرزان	ارزان .
ئەرزوبسه : هەرزان‌بوه	ارزان شدن .
ئەرزونێ : هەرزانێ	ارزانی . نام شخص هم هست .
ئورسێ : کەوش . دەرگای دۆلابێ	کفش . درهای‌کشوئی جلو اطاق .
ئرشت : هێرش . (بۆ سەگ)	حمله . یورش .
ئیرشت ئووورده : هێرش‌بردنی سەگ	حمله‌کردن . معمولا حمله سگ هاررا گویند .
ئەرغوو : دار و گوڵە ئەرخەوان	درخت‌یا گل ارغوان .
ئەرغوێ : ئەرخەوانێ	رنگ ارغوانی .
ئەرمنی : ئەرمەنێ	ارمنی . مسیحی مذهب .
ئەروو : دۆست . ئەرباب	ارباب .
ئەژگه : پشکۆ . پەنگر . ئەسکل .	دانه آتش سرخ شده و گداخته . گل آتش .
ئوێژدیها : ئەژدیها	اژدها .
ئسپار : ڕنو . هەرەس	هرس .
ئسپارکرده : هەرەس‌هێنان	هرس‌کرده . (۲)

(۲) لە لوڕیدا پتر ئەرمان بەکار دەهێنرێ . کەچێ لە ستاندارتا چاوگ : « پێشوازێ‌کرده ، پێشوازێ‌کردن » .

نسپینه ترموغ : سپێنەی هێلکە — سفیده تخم مرغ .
نسپیل : سپڵ — طحال . سپرز .
نسپیو : سپێ‌باو — سفیدآب .
نسپناج : سپێناخ — اسفناج .
نەس : ئەسرین . فرمێسك — اشك .
نسکنه : ئەسکەنە — یکی از فزارهای درود گری‌است .
نسوەن : ئەسپۆن — اسپند .
ئەسیۆو : ئاسیاو — آسیاب .
نسی : ستونده . کۆلەگەی چادر — ستونی که عشایر زیر چادر سیاه میزنند .
نشکار : راو . شکار — شکار . هر نوع شکار کوهی‌را گویند .
ئیشکەفت : ئەشکەوت . ئەشکەفت — غار . شکاف‌کوه .
نشنەفته : ژنەفتن . بیستن — شنیدن .
نشکیل : کەم‌وکوڕی . خەوشدار — عیب و نقص .
نویتی : ئوتی — اطو .
نویتی‌کرده : ئوتی‌کردن — اطو کشیدن .
نفت‌وەنه : کەم‌بوونەوە — کم‌شدن و نقصان یافتن چیزی .
ئەفتوو : هەتاو — آفتاب . خورشید .
ئەفتووسوخته : تاوبردوی — آفتاب زدگی . آفتاب سوختکی .
ئەفتووگیرسه : هەتاوگیران . رۆژگیران — کسوف . آفتاب گرفتن .
ئەفتوەلگه : مەسینه و لەگەن — آفتابه‌لگن .
ئەفرا : جۆره دارێکه — نامی درختی‌است .
نفلیج : گۆج . گێژوگەوار . ئیفلیج — افلیج . رمنگیر .
ئەقد : ئەد . بەقەد . ئەندازه — اندازه .
نوفه : ئەوەنده — بقدر .
نلابور : کۆتری رەش‌وسپی — کبوتری که پر سیاه و سفیددارد .
ننه : هەناسه — نفس . دم .
ننه چنه : هەناسه‌چن — قطع نفس .
ننەدکەتەرەنی : هەناسه وێستان — نفس بندآمدن .
ئەزموشت : ئەزموون . تاقیمانه — آزمایش .
ئەزموشت‌کرده : تاقی‌کردنەوه — آزمایش‌کردن .
ئەل : بەلیك . خوگنخاندن — الك چوب کوتاه بازی الك دولك . اصرار و سماجت .

ئەلکو : بەلیك	بازی الك . دولك .
ئەلەرەگ : حاجی لەقلەق	لك‌لك .
ئلەك : لتلەك	الك .
ئلەنگو : بازنە	نوعی دستبندمبله‌ای از طلا یا مطلا [illegible] .
ئەلوی : هەلاو . گڕی ئاگر	شعله آتش .
ئەلوی : هەلۆ	پرنده‌ایست شکاری عقاب .
ئەلوات : لۆتی . لات . دەربەدەر	د[illegible] و سرگردان .
ئەلوانە : هەلبەنە . ئەلەتە	[illegible] .
ئەلی : هەلۆژە	[illegible] (٣) .
ئەلی‌سیە : هەلۆژەی رەش	[illegible] سیاه .
ئەلی‌والی : ئالوبالو	[illegible]الو .
ئەم : ئاسایش . ئەمن و ئاسایش	[illegible] . درامان .
ئەمار : عەمبار ، ئەمار	[illegible] .
ئەمارکردە: عەمبارکردن. کۆکردنەوە	[illegible]کردن .
ئەمالە : ئامرازی پاککردنەوە	[illegible] تنقیه .
ئەمالەکردە : پاککردن	تنقیه‌کردن .
ئومایین‌ورەنە : هاتن و چوون	آمدن و رفتن .
ئیمدال : دوایی . لەپاشا	این کلمه حرف ربط‌است و بمعنی پس یا سپس استعمال میشود.
ئەنار دونگ : دانەی هەنار	دانه انار خشک‌شده ناردان .
ئەنارسو : باخی هەنار	انارستان .
ئەناسنا : [illegible]	صبحانه ، ناشتائی .
ئەنەر : مەیموون	میمون . اشخاص زشت‌را نیز گویند .
ئنز : پشوو . ئیجازە	اجازه
ئەنکلات : ماتل . چاوەڕوان	[illegible] . معطل
ئەنگوورە : گرۆ . قسەی بەگریە	صحبت‌کردن با صدائی که توام با گریه‌است .
ئەنگیر : تری . هەنگور	انگور .
ئەنوس : وەنەوز	خواب موقت . پینکی .

---

(٣) [illegible] ی ئەلەو و ال ی ئەلەو لە لوڕیدا زۆر زۆر کەم [illegible] دەکەوێ ، [illegible] لە [illegible] ئەم وشانەدا بەرچاو دەکەوێ .. هەر بۆیەشە دەبێ ئەمەمان زۆر لە بەرچاو بگیرێ .

نوو : ئاو	اب .
نووار : وێرانه . کەلاوە	آوار . خرابه و خاک ساختمانی که خراب شده‌است .
نەواز : ئاواز	آواز ، صدا ، صوت .
نونوفتایه : وسڵ‌کردن	آب آفتادن .
نەوال‌پورس : هەوال‌پرسین	احوال‌پرس .
نووئەلی : ئاوی هەڵووژە	آب‌آلو .
نووئەمار : ئاوی عەمبار	آب‌انبار .
نووئەناو : ئاوی هەنار	آب‌انار .
نووبەن : میزگیران	شاش‌بند .
نووبیه : توانەوە	آب‌شدن . ذوب‌شدن .
نووباش : ئوباش . ئاوپڕژێن	آب‌پاش .
نوپاشوکرده : ئاوپڕژێن کردن	آب‌پاشی‌کردن .
نووپشکو : ئوپڕژێن به دەس	آب‌پاشی بادست .
نۆچه : ئەوێ	آنجا .
نووخینوو : خوناو . شەونم	خونابه .
نوودار : ئاودار	آبدار . صفت برای میوه . کاری که سودی‌داشته باشد .
نەودال : عەودال . دێوانه	درویش بیابان‌گرد . ابدال .
نوودەس : ئاودەس	مجازا بمعنی مستراح‌است .
نوورەنگ : بەنگین . زۆر جوان	مجازا بمعنی زیبائی‌است در انسان.
نووری : ئابڕۆ	آبرو . حیثیت . شرافت .
نووری‌ریزی : ئابڕۆچوون	ابروریزی .
نووریشم : ئاوریشم	ابریشم .
نوریشمی : ئاوریشمی	ابریشمی .
نووزولك : کێم . ئاوەڕۆن	آب و لنفی که در اثر سوختگی زیر پوست بدن جمع میشود . تاول آبله .
نووزیرکه : دزرێ . ئاوری‌بن‌کا	آب زیرکاه .
نووس : ئاوس	آبستن .
نوسه : چاوش . گۆینده	حنیاگر . مطرب .
نوسا : وەستا	اسادکار . کسی که در کاری مهارتی دارد .
نوسار : هەوسار	افسار .
نۆسه : ئەوسا	آنوقت . آنموقع .

نووتـەلاکاری : زێرکفـتکردن .
تەلاکاری
نووغۆرە : ئاوی‌قۆزە . بەرسیلە
نووکەشبە : ئاودز

نووکردە : ئاوکردە

نووکی : ئاوەکی
نووگۆشت : ئاوگۆشت . گۆشتاو
نووگە : ئاوگە .
نووگیر : گۆم . پلاوپالێو

نوولا : ئەولا
نووله : ئاوله
نوولەری : ئاولەیی
نوولەکوفنە : ئاولەکوتان
نوولەکو : ئاولەکوت
نووولیمور : ئاوی لیمۆ
نوولیو : ئاوی برنجی پالیوراوا
نوومال : ئاودێر
نوومالك : ئاومالك
نوومروار : [illegible] مروارێ
نووونەواب : [illegible] نەوب
نوونووە : نۆبەو

نووەنە : حۆگەکێشان
نووە : ئاونگ . شەونم خوناو
نووهەری: ئاوخۆری. پیاله.پەرداخ
نووی : ئاوی

تذهیب‌کاری . آب طلا کاری .

آب‌غوره .
چرکی شدن زخم در اثر آلوده‌شدن.
شستشو و آبکشی لباس .
آب‌کردن . بـا تدبـیر کالائـی‌را
فروختن .
آبکی .
آبگوشت .
آبگاه . آبگاه .
مقداری از حجـم چـاه که پـر از
آب‌است . ظرفی مسی دسته‌دار
که در هنگام برنج پختن از آن
استفاده میشود .
آبطرف . آنـو .
آبلـه .
آبله‌رو .
آبله‌کوبیدن .
آبله‌کوب .
[illegible] .
آب‌چلو .
کسی که آب‌را بمزرعه میرساند .
آبی که از رودخانه گرفته شود.
آب مروارید .
آب نبات .
نوبه آب در مناطق مختلف لرستان
برای آب نوبـه جهـت آبیـاری
تقسیماتی هست که به نسبت
مقدار زمین مقدار ساعت آن فرق
دارد و بجای ساعت از سایه‌های
درخت و سنك استفاده میشود.
آب‌انداختن از جویی بجوی دیگر .
[illegible] .
آبخوری .
رنگ آبی .

نوویێ : ئاوێ	ضد کلمه دیم . زراعت یا زمینی که آب جاری دارد .
نوویار : ئاویار	آبیـــار .
نوویاریێ : ئاویاریێ	آبیاری .
نوویاریێ‌کرده : ئاویاریێ‌کردن	آبیاری‌کردن .
نوێر : لەڕ . لاواز	لاغر . نحیف .
نوێەکە : ئەوێەکە	آن‌یکی .
نوویێو : ماڵئاوایێ	آباد . خانه‌آباد . این جمله در مقام دعااست .
نوویێونێ : ئاوەدانێ	آبادانی .
ئمهلی‌حەق : ئەهلی حەق . حەقە	نام‌یکی از فرق مذهبی است که در دلفان و بلوران کوهدشت زندگی مینمایند این‌هارا «علی الهـوی» نیز میگویند برای اطلاع بیشتر رجوع شود بکلمه « علی الهوی ».
نی : ئەم	این .
ئەیەنێ : وەختەکێ	موقتی . بطور موقته .
ئێچناکونه : لەوێ	اینجا .
ئێچه : لەوێ	اینجا .
ئێسایه : وەستان	ایستادن .
ئێسه : ئێســا . ئێـسا	حالا . اکنون .
ئێل : عێل . ئێل . خێل	ایل . طایفه .
ئێلا : ئەولا	این طرف .
ئێمرو : ئەمڕۆ	امروز .
ئێمسال : ئەمســال	امسال .
ئێواره : ئێواره	عـصر . نزدیـک غروب آفتـــاب گویند . (٤)



---

٤. ربرکردنی وشەکان لە ئەسلی ەەرهەنگەکەدا چون بو ، ئاوا لە زۆر شوێنا جێم هێشت .. !! .

ـ ب ـ

باب ، باو : باو	مناسب . درخور .
باخته : سەما ، جۆرە سەمایەکە	رقصیدن . باختن در قمار .
باد : ئاوسان	ورم . آماس .
بادغیژە : گەردەلۆل	گردباد . دیوباد . بادگیژه .
بادکردە : باتێکردن . فوتێکردن	دمیدن و فوت‌کردن دربار کنـك و بادکردن گوسفند پس‌ازسربریدن.
بادگیر : باگیرەی سەماوەر و چرا	بادگیر سماور و قلیـان و سرپیـچ چراغ .
بار : بەر . بەری میوەهات	ثمر . میوه .
بارئووەردە : وەبەرهێنان	پرورش‌دادن . بار آوردن .
بارونی : رۆژی بەباران	صفـت برای روزی که در آن روز باران میبارد .
باریکو : دەردە باریکە بارریکوینێسی	مرضی است که مـوجب لاغری و ضعف سینه میشود .
باز : گای قەش	صفـت برای گاوی که پیشـانی و دمش خال سفید دارد .
بـــازازگەرمێ : رەواجـــکاری . بازازگەرمێ	نوعی تبلیغ برای فروش کالااسـت که فروشندەبرای حریـص‌کردن مشـتری بکار میبرد .
بازازێ : بازازێ	متاعی که در تهیه آن دقت فراوان نشـده .
بازنە : بازنە	رقاص .
بازووەن : بازیبەند	بازوبند .
بازی‌باز : باریکەر ، وازی‌باز	بازیکن . کسی که اهل بازی باشد.
بازی‌کردە : وازی‌کردن	بازی‌کردن .
بازی‌کو : وازی‌کەر باریکەر	بازی‌کن . بازیگر .

بازیکوش : تەکارە ، لاسار	کسی که از کار دوری مینماید و ببازی مشغول میشود .
باشو : باوەشێن	بادبزن .
باقه : باقەی گەنم ، باخه	یکدسته گندم که تازه دروشده و روی زمین گذاشته شده .
بانله : باقلە ، کێلگەی پاقله	باقلا . مزرعه باقلا .
باك : ترس . باك	ترس .
باكداشتنه : ترسان ، بەباك	ترس‌داشتن .
بال : بال . دەست	با اضافه‌کردن این واژه به نوع لباس به معنی آستین است . دست .
بالاخونه : بالاخانه	طبقه فوقانی . بالاخانه .
بازله : بازیله . بالندەیەکە بە قەد چۆلەکەیێ	پرنده‌ایست به اندازه گنجشك .
باشكیم : بەشکەم ، بەلکو	شاید .
بالشت :سەرێن . بالیف. پالیشت	متکا . بالشت .
بالشته : بالیفی بچۆك	بالشت‌کوچك .
بال‌شەنه : بالەشنه ، بالەفرکه	بال‌زدن .
بالوش : باعەل . باوەش . ھەمێز ، ئێوان دوودەست مشت.	بغل . آغوش . مقداری چیزی که در میان دو دست جای‌گیرد .
بالونه : بالنده	پرنده .
بامبول : تەلەکه و فێل	نیرنگ و حیله .
باوسیل : مایەسیر	بواسیر .
باوو : مال و کەسی بوك	خانه و خانواده‌ء عروس .
باونی : باوەخونی	آنچه که عروس از خانه‌ء پدر بعنوان هدیه نجانه‌ء شوهر میبرد .
باوه : بابه . باوه . باوك	پدر . بـابـا .
باوسه : بەیبۆن	بوته‌ای‌است که گلی سفید و معطر دارد و این گل‌را خشك نموده در کوکو میریزند .
بای : بـا	بـاد .
بای نومایه : باهاتن	بادآمدن .
بای ناورده : باداری	ورم‌کرده .
بای‌سور : بای سوور و کوشنده	باد سرخ .
بای‌شەنه : باوەشێن	بادبزن .
بای‌کەبو : جۆرە مارێکی بێ ژەھره	مار بزرگی که زهر ندارد و شـکار

	= خودرا می‌بلعد
بای‌کرده : فوتیکردنی ئاژەڵ لە کاتی سەربڕین	فوت‌کردن . بادکردن گوسفند پس از سربریدن .
بای کەش : باکردو . هەڵمساو	بادکش از استکان یا شاخ حجامت برای بادکش استفاده میشود .
بایم : بایەم . باوی . داری بادەم	بادام . درخت بادام .
بایمجو : بایبجان	بادمجان .
بایمسو : جەنگەڵی بادەم	بادامستان .
بەتری : بەدترین	بدترین .
بتەو : بتەو . هەر کچەی کچێنی نەبڕاێ .	ن‌بست . دختری که پرده بکارت او استخوانی باشد . دخترگی عجه سج .
بوتنه : کرۆك . بۆته	بوته . مانند بوتهٔ کاهو و مانند آن .
بەچج : ناونیفەك . بینه . بوحجه	خشتك . تکه پارچه‌ایکه در نشیمنگاه شلوار دوخته میشود .
بەچ : بەچە	بچه .
بچ : لقی شکاو	باقیماندهٔ شاخهٔ شکسته که بتنهٔ درخت مانده‌است .
بەچ بەچەزا : بەچەزا . کوڕەزا . کچەزا	فرزند فرزندزاده . نبیره .
بچبچی : بچەبچ	چوبی که گره‌گره‌است .
بچلك : داری دیلانێ	شاخهٔ کوچك خشك درخت که بتوان بآن چیزی آویزان کرد .
بەح ملی چمك : بەچکە جۆلەکە	جوجهٔ گنجشك .
بەچو : منال ، بەچەها ، نەوە	بچه‌ها .
بەچوله : مندال تا دەگاتە تەمەنی شەش مانگی .	نوزاد تا شش ماه پس از تولد .
بەچونه : منالانه . کەلوپەلی منالانه	بچگانه . کودکانه . لباس اسباب و رفتار مخصوص کودکان .
بەچه : بەچە . ساوا . منال	کودك . بچه .
بەچەدار : منالدار ، بەچەدار	صاحب بچه . بچه‌دار . (۱)

(۱) زۆربەی زۆری ناشکر و بێشگرەکێ لە دیالێکتی لوڕی و شێوە زمانەکانی دیکەی کوردیدا . وەکو یەکێ . وەکو : (دار ــ در ــ کا ــ مەند ــ اتی ــ یەتی ... تاد) نموونەیش پڕاوپڕی نێو ئەم فەرهەنگەیە .

بەچەدارییە: منالداری، بەچەداری	بچەدارشدن .
بەچەبازژەتە : لەبارچۆنی منال	سقط شدن بچە .
بەچەدو : بەچــەدان ، منــالدان . پزدان	رحم . زهدان .
بەچەزا : کوڕەزا ، نەوە	فرزندفرزند . نوه .
بەچەقلا : جوجەڵەی قەل	جوجەکلاغ .
بەچەوەنە : منال فڕێدان	بچەانداختن . سقط جنين كرن .
بەچەیی : بەچەیی . منالانە	بچگی .
بوخت : بوختان	تهمت .
بوخترختــە : بوختـــانکردن و ریکخستن	تهمتزدن .
بوختوم : بوختان	تبمت .
بوختومرختە : بوختانکردن	بمتزدن .
بخەر : بکڕ ، کڕیار	حریدار .
بخوردەیە : بکڕ	حوردادن .
بەدبیاری : سەرنەکەوتن لە کار	عدم موفقیت در کار .
بەدنوم : ناخۆش	بدمرد .
بەدحال : بەدحال ، سەرەمەرگ	شخصی کــە مریــض و مــشرف بمرگاست .
بەدحەرف : بەدزمان ، بەدقــە	تندخو ، بدزبان .
بەدخوفتوخو : بەدگۆ . بەدزمان	کسی که در خواب حرف میزند بـا راه میرود .
بەددل : کینەدار ، دلپیس	کینەای . کسی که نسبت بهمه چز و همه کس بدبیناست .
بەدرفە : خواحافیزی . بەڕێخستن	مشایعت .
بەدرفەکردە : خواحافیزیکردن	مشایعتکردن .
بەدرە : ڕێگای تۆش و هەلدێر	راه بد و صعب العبور .
بەدزوو : بەدزمان	بدزبان .
بەدفلق : بەدکردار ، بەدخۆ	بدرفتار . بدعادت .
بەدگل : بەدگل ، ناجسن	بدترکیب . در برابر خوشگل .
بەدگمو : بەدگومان ، ڕاڕا	بدگمان .
بەدگوییکردە : بەدگویی	بدگویی کردن پشت سر کسی حرف بدزدن .
بەدەل : جێگر	در برابر اصل .
بەدها : بەدخواز	بدخواه .

بڕ : لاڵ	کسی که لکنت زبان دارد .
بوڕا : بڕنده . تیژ	برنده . توسعا به افراد کار برو لایق بیر میگویند .
برادو : جزدان	ـف بغلی .
برار : برادەر . هاوڕێ	ر ددر .
برارزا : کوڕی برادەر	برادر زاده . فرزند برادر .
برارژنه : ژنبرا	برادر زن .
برارگەپ : براگەورە	برادر بزرگ .
برارووارونه : برابانه	برادروار . همانند رفتار دو برادر ر هم .
براری : برادەری . هاورێیەتی	ر دری .
بوراف : بەترس . ئازا	گستاخ . جسور .
بورافی : نەترسان	گستاخی .
بورافیکرده : ئازایی	گستاخی‌کردن .
برالیك : داری هەلوژەی شاخی	درخت آلبالوی کوهی .
براووار : بەراودر . بەرامبەر	برابر . روبروی . مقابل .
بوربور : دەستە دەستە ، گرێ گرێ	دسته‌دسته . گروه‌گروه .
بورج : قەزەولی تفەنگ	ـنـــ ـفـک .
بەرج : زیادە خەرج	خرج اضافی در زندگی .
برج : بە مجاز بۆ زمان و بیرکردنەوە بەکاردێ	مجازا بمعنی زبان یا فکر و اندیشه تنها مورد استعمال آن در چنین جمله‌است .
بەرد : بەرد	سنگ .
بەردنەش : بەردتاشی . سەنگتاس	سنگ آتش‌زنه . سنگ چخماق .
بەرز : بەرز ، بەرزی	بلند . بلندی .
بەرزگر : جوتیار ، چێنەر	برزگر . زارع .
بەرزگریکرده : جوتبەندەیی	زراعت‌کردن در زمینی که مالك آن کسی دیگراست .
بورسه : بڕین	بریدن .
بورساف : ئازا ، دلێر	گستاخ .
برشتو : چێشتی کوکی	آرد و پیازی که در روغن سرخ‌شده باشد این مخلوط‌را در آب عدس یا آب‌گوشت مرغ و خروس میریزند .
بەرەص : گولی	پیسی روی پوست بدن خالهای

سفیدی ظاهر میشود که بعدا تمام پوست‌را می‌گیرد .

بەرفاو : بەفراو — آبیکه از ذوب‌شدن برف جاری میشود . آب برف .

بەرفوبوکردە : بەفرمالین — «برف روبی» برف‌را از پشت بام منزل پاك‌کردن .

بەرەفتاو : بەرهەتاو . بەرڕۆژ — زمین آفتابگیررا گویند .

بوژکاری : بژیەکاری . سەپانی — نوعی مقاطعه کاری‌است باین طریق که صاحب مزرعه جو یا گندمی دروکردن و خرمن نمودن و همچنین کوبیدن و جداکردن دانه‌را از کاه تا موقع تحویل دادن بصاحب مزرعه بکسی وا گذار مینماید یك پنجم از عایدی‌را به «برکار» میدهد این عمل‌را « برکاری » میگوید .

برگ : سنجوق — چوب کوتاهی‌است که آنرا مانند نیزه بسوی کسی یا چیزی پر تاب مینمایند .

بوزگرتە : بۆزبوزێن . پێشبڕکە — مسابقه گذاشتن باین صورت که بین دویا چند نفر که کاری مشابه‌را انجام میدهند مسابقه گذاشته میشود که چندکاررا که مقدار و اندازه آنها یکسان‌است چه کسی زودتر میتواند انجام دهد .

بوژگوش : بڕۆنگ ، نێوانی دوو باران — فاصله کوتاه بین دو رگبار باران‌را گویند .

بەرگە : بەرگن ، بەرەگن . — پشم برهٔ یکساله .

بەرگلو : شوانی بەرغەل — کسیکه بره‌هارا برای چرا میبرد .

برم : برۆ — ابرو .

بەرمیت : مێو ، مۆمی هەنگوین — موم عسل .

برووەر : بەراوەر ، بەرامبەر — برابر .

برە : بەرخ — بره .

بوڕزه بوڕزه : بزڕکانی شـیر ، بزڕکبزڕك	بریده‌بریده .
بەرهەمردە :رەنجان، لێك هەڵەنگوتن	تلاقی‌کردن . برخوردکردن . از سخنی نامناسب رنجیدن .
بریژه : بنێشت . بنێشتی کوردی	نوعی شیرهء گیاهی‌است که آنرا میجوند . سقز .
بریق بەرف :زریق‌وباق.تریسکانەوه	تلالو . درخشندگی .
بەزم : بەدگوێی . بەزم‌پێ‌کردن	بدگوئی . غیبت .
بەزم‌گرتە : بەزمکێڕان ، بەدکرداری	بدگوئی‌کردن . تقلید کسی‌را کردن بطور شوخی .
بوزمژنەك : بزن‌مژه ، بزن‌مشك	بزمجه .
بژار : بژار	نخاله .
بەستە : بەستن	بستن .
بوستخە : بوخچە	بقچه .
بەفا : وەفا . بەفا	وفا .
بوق : بوغ . دۆکەڵ	دم و هوای آلوده اطاق یا زیر زمین.
بوق‌بەری : ئازایی ، دلازایی	گستاخی .
بوقچە : بوخچە (بوخچە جگەرەیەك)	واحدی برای بعضی اجناس مانند بح .
بگس : بنکوس	وجب . فاصله‌میان دو انگشت .
بل‌باریك : مل‌باریك ، لاواز	لاغر . نحیف .
بوڵبولی‌کرده : ئازایی	گستاخی .
بەلریقە : رەوانی‌سك	اسهال شدید .
بەلگ : بەلك . بەرگی گیا	برگ گیاه .
بەلگە : بەلکە ، نموونە . نیشانە	نمونه و نشانه‌ای از مال دزدیده شده .
بەلەد : ڕێنما و شارەزا	راهنما و بلدی .
بولنگ : بلند ، بەرزی	بلند .
بولنی : بلندی	بلندی .
بلوم هەرکرده : تێك شکاندن	درهم‌خردکردن و درهم شکستن انسان بوسیلهء حیوانی وحشی مانند خرس و پلنگ .
بلله : چیلکه	تیکه چوبهائیکه برای سوخت از زمین جمع میکنند .
بەلی : بەڕۆ ، داربەڕۆ	بلوط . درخت بلوط .

بلیز : بلێسه . گڕ — شعله آتش .

بەم : زرمە — صدای دست بر سر کسی زدن .

بمارکێ : جۆرە دومەڵێکە — نوعی دمل چرکی‌است .

بەن : بەند . دەربەند . زیندان — زندان . رشته‌ء پشمی . سدی که از خاك و سنگ و گل بر آب جوی یا رودخانه‌ای بسته شده باشد .

بنار : بنار . شەقام و ڕێگای سەراوەڵە — جاده و راه سر بالا .

بناوار : گوریسی مەشکەی ئاو — ریسمانی با آن مشك آب‌را به پشت می‌بندند .

بەنپابوشەن : دۆحین . بەنەوخوێن — بندتنبان . بندشلوار .

بونپله : بەند ؛ (سدة) — سد کوچك خاکی که جلو آب کم ببندند .

بنجك : بیجك — قطعه چوب باریکی که قدری هم نوك تیز باشد .

بونجول : شتی نەفرۆشراو — اجناس مانده که خریدار ندارد .

بونچاك : قەواڵە ، قاقانێ — قباله‌ء قدیمی خانه یا زمین .

بونچینه : بنچینە ؛ ڕەچەڵەکی خێزان — اصطلاحا اصل و ریشه خانوادگی‌را گویند .

بەنکەش : بەنەوخوێن تێهەڵکێش — جوبی که با آن بند تنبان‌را از لیفه میگذرانند . بندکش کسی که فاصله بین دو آجررا از سیمان و گچ پرمی‌کند .

بەنکەشێ : خشت‌کێشانێ . پاڵە — بند آجرهای بنائی راکشیدن و پرکردن .

بەنگورمی : بەنی گورەوێ — کش جوراب .

بنوار : مەنزڵگا ، مەنزڵ — سرمنزل . منزلگه .

بنەوش : بنەوش — بنفش .

بنەوشه : بنەوشە — بنفشه .

بونه : بهانه . بناغه — ایراد . بهانه . پی و بنای ساختمان .

بەننه : بەندە . — بنده . برده .

بونەگرته : بهانەگرتن — بهانه‌گرفتن .

بونەگیر : بهانەگیر — بهانه‌گیر .

بەنیره : چاوەڕوانێ — انتظار .

بو : بان . سەربان — بام . بام‌خانه .

بۆ : بڵێ	بگو .
بووپیره : مێردی دایك	شوهرمادر .
بوتم : تۆكردن	بذری كه در زمین افشانده میشود .
بور : بۆر . شه‌رمێن . شه‌رمه‌زار	رنگی‌است نزدیك بكرم . خجل و شرمنده .
بوربیه : شه‌رمه‌زاری	شرمنده شدن .
بور چرکه : بۆچرژك ، بۆچژك	پارچه‌ایكه در اثر كثافت تغییر رنگ داده‌است .
بوره : به‌یار	زمینی كه هیچ كشت نشده باشد ،
بوره‌كه : بۆره‌پیاو	به‌وردپیا .
بوزینه : مه‌یمون ، جۆره مه‌یمونێكه	میمون .
بوكلاش : بنكز	آنچه از خوراك كه در ته دیك برشته میشود .
بوكز : بۆكزۆز ، بۆنكز	بوئی كه از سوختن پشم یا لباس بمشام میرسد همچنین ماست یا غذا یا شیر كه بر اثر حرارت بوی دود میگیرد بوی آنهارا نیز «بوكز» گویند .
بوكو : شوێنی باخه‌وان . چارداخ	محل آسایش باغبان در باغ .
بوگه‌ن : بۆگه‌ن ، گه‌نیاو	بوی بد .
بوگه‌نێ : بۆگه‌نێ . جۆره گیایێكی بۆگه‌نه	نوعی گیاه خودرواست كه بوی بد دارد .
بوه : باوك	پدر .
بوه‌دا : باوكی دایك . باپیره	پدرمادر . جد مادری .
بوه‌دار : به‌خزم و كه‌س	پدردار . كسی كه از خانواده سرشناس باشد .
بووه‌بووه : باپیره ، باوكی باوك	پدربدر . جدپدری .
بووه‌وكوڕێ : باوكایه‌تێ و كوڕایه‌تێ	پدر و پسری .
بوی : بۆك	عروس .
بهار : به‌هار . بهار	بهار .
بهارماڵگه : به‌هاربه‌ند	محل تعلیف گله وچارپایان عشایر در فصل بهار .
بهاره : چاندنێك و تۆ وه‌شاندنێك كه له بهارا بێت	زراعتی كه بذر آن در بهار در زمین افشانده میشود .
بهه‌ر : بخۆر	خورنده .

بەهەرکردە : بەشکردن	تقسیم کردن .
بی : کارژیلە . کاریلە	بزغاله .
بی‌نور : بێ‌هەور	اسمان بی ابر .
بیاری : بیداری ، بێخەوی	بیداری .
بیاز : چەپەك . چۆل	محل خلوت . جائیکه جمعیت آن کم است .
بیاوو : بیابان . دەشت	بیابان .
بی‌باك : بێ‌باك . ئازا	نترس . جسور .
بی‌بت : بێ‌مێشك . گەلۆد	بی‌دماغ .
بی‌توا : بێ‌پەروا، بێ‌توانا، بێ‌سەرنج	بدون ملاحظه . بی‌پروا .
بی‌جورەت : ترسنۆك	ترسو .
بی‌چەش‌ری : بێ‌شەرم، بێ‌چاو و ڕۆ	سست . بیشرم . بی‌آزرم .
بید : داری بێ	درخت‌بید .
بی‌رەگ : ناجسن ، بێکەس، بەدنەژاد	کسی که نقش مثبتی در زندگی ندارد و نسبت بهمه چیز بی قیداست .
بی‌زار : بێزار	متنفر .
بی‌فەراری‌کردە : پەیمان شکێنی	بی‌تابی‌کردن .
بی‌قول : بێ‌بەڵێن . بێ‌پەیمان	کسی که به قولش وفا نمی‌کند .
بیك : پیك . پیکی نای و دۆزەلە ، بلوێر	سازی‌است که از نی درست میکنند .
بی‌کش : کش و مات ، بێدەنگ ، بی‌ئارام .	ساکت . آرام .
بی‌گل : ناشرین ، ڕەزاقورس	بی‌ریخت، زشت رو . زشت منظر .
بیل‌مر : خۆڵەمێشی گەرم	خاکستر داغ . خلواره .
بی‌نزی : بێ‌نوێژی ژنان	عادت ماهیانه زنان .
بیوه : بێوەژن	زن بی شوهر .
بیهۆشداری : دەرمانی بێهۆشی	داروی بیهوشی .
بیه : بوو	بودن .
بیبەماغ : خەمکین . بەشۆکاو بێ‌هەوەس .	افسرده . غمین .
بی‌ی : بۆك	عروس . عروسك .



ـ پ ـ

پـا : پا ، پێ	پـا .
پاپا : باپیره گەوره	جدپدری و مادری ، پدر بزرگ .
پاپەتی : پاپەتی ، پێ خاوس	پا برهنه .
پاپریك : پەرپەریك ، پەپوله	نوعی پروانه‌است .
پاپوش : شەلوار ، دەرپێ	شلوار .
پاپیا : پیاده	پیاده ، در برابرسواره .
پاپیارەته : پیادەڕێ	پیاده رفتن .
پاپی پیپه : شەڕەقسە	ادامه‌دادن مشاجره‌ء لفظی ، بی توجه باین نوع گفتارها .
پاپیچ ببه : [illegible]	معنی خاص [illegible] بپای پیچیدن‌است ولی توسعاً بمعنای آلودگی و گرفتاری بکاری یا چیزی‌است .
پاپی‌سلیمونی : پەپوسلێمانکه ، پەپولەی سلێمانێ .	شانه‌بسر ، هدهد .
پاتوق : [illegible]	محل کسب کسی یا جائی که کسی عادت دارد ساعاتی از روز خودرا در آنجا بگذراند .
پاتیل پاتیلچه : مەنجەل ، مەنجەلۆکەی مس	دیگ‌مسی .
پاجوش : چرز ، [illegible]	جوانه‌هائیکه از کنار تنه و ریشه درخت بیرون میاید .
پاچال : بێچالی ماین	چاله‌ایست که وقتی میخواهند مادیان‌را از خر آبستن کنند چون قد مادیان بلندتر از خراست

	برای سهولت کار مادیان‌را بآن چاله میبرند .
پاچله : ستونده و دارۆچکه‌ی ژێر ده‌وار.	چوبهای که زیر طنابهای چادر سیاه میزنند .
پاداری : راســـکۆیی . میوه‌یی با هه‌ڵی وه‌راندبێ .	میوه‌ای که باد آنرا از درخت بزیر انداخته یاخود افتاده اســت .
	استقامت در کار .
پادرکوو : له‌سه‌رپێ . ئاماده	پادر رکاب . حاضر و آماده .
پادسن : به ته‌مه‌ناچوّن . سه‌ره‌تای پیری .	پابسن . ابتدای پیری .
پار : پار . ساڵی پار	سال گذشته .
پارچ : په‌رداخ	لبوان آبخوری .
پارسه‌نگ : پاسه‌نگ	وزن ظرفی که بخواهند چیزی در آن وزن کنند .
پرخ په‌رخ : پرخه‌پرخ	خرناس .
پرخ په‌رخ کرده : پرخه‌پرخ کردن	خرناس کشیدن .
پوشت ماله : کوژراو	قتیل .
پوشکه : په‌لۆله . په‌لوله	آش آماج .
پارینه : گوێره‌که‌ی یه‌کساڵێ	گوساله‌ء یکساله .
پاسا : پێ له زه‌ویێ خشاندن	سایدن پاروی زمین .
پاس‌کرده : پاس‌کردن ، پاسه‌وانێ له ســه‌گ .	پارس‌کردن سگ .
پاشنی که‌ش : پاژنه‌کێش	پاشنه‌کش .
پاشوره : پێشوره‌ی حه‌وز	پاشویه‌ء حوض .
پاشوره‌کرده : پاشۆر	شستن پای بیماری برای پائین آوردن درجه حرارت بدن او
پاگوشا : پاوه‌خۆنی بوّك	معمولا پس از انجام مراسم عقد، از طرف پدر دختر ، داماد وعده‌ای از بستگان اورا به ضیافتی بمنزل خود دعوت مینماید و از آن پس داماد حق دارد بخانه‌ء عروس آمد و رفت نماید .
پاگیره : ده‌زگیرانێ	نامزدکردن دختری برای پسری .
پالدم : پالدم ، داوێن	پاچین واطراف چادر نماز و پیراهن=

	رانرا گویند .
پەلەنە : پالاوتن	پالودن . صاف‌کردن چیزی .
پالو : کورتان	پالان .
پالودوژ : کورتاندرو	پالان دوز .
پاوما : زەیستان	زن آبستن که وضع حمل او نردیك‌است . آخرین ماه آبستنی
پایار : پایەدار	پایدار . برای کسیکه دعا میکنند .
پایمو : دامێن ، دەوروبەر	پیرامون . دامنه .
پایەدار : پایەدار	هر چیزی که پایه داشته باشد .
پابزە : پایزە . شتێ کە لە پایزا چێندرێ .	بذری که در پاییز می‌افشانند .
پەپلە : تەرلك . ئارەقگیر . بەرمەزین .	نمدی که زیر زین اسب میاندازند .
پەپی : پەپولە . پەپی	پروانه .
پت : مێشك . لوت	دماغ . بینی .
پەت : دەرفەت . دەرەتان	فرصت . مهلت .
پتپا : نوکی پێ	نوك پا .
پتپاکردە : لوت پاك‌کردن و سڕین	بینی پاك‌کردن .
پتپەتکردە : پرتەپرت‌کردن	اخم‌کردن . قرزدن .
پتتە : ئاورێشمی کۆن .	[illegible] . سرش‌فاش‌شد .
پتتو : هەناسە بۆگەن	کسیکه بینی گنده دارد .
پتوزە : لوتی بۆگەن	کسیکه بینی گنده دارد .
پەتی : پەتێ . پوش . بەتال	تهی . خالی .
پخ : پخ . بۆ ترساندنی منال	صدای برای ترسانیدن کودکان .
پراش‌پراش : پەراش پەراش . پارچەپارچە .	تیکه‌تیکه . ریزریز . قطعه‌قطعه .
پورپور : خەروار . زوخالی گڕی بەرتۆ .	حلواره . خاکه زغالی که آتش شده‌است .
پرپلیك : پەلپینە	حرفه . گیاهی‌است وحشی و خوراکی .
پرپیت : لنگەفرتێ . لنگەبزێوێ	پردن پرنده پس از سربریدن او ؛ توسعاً کسی‌را گویند که در اثر شدت درد در یك جا نمیتواند بیستد .
پرپیش : پەرزوپوش . خاشاك	خاشاك .

پرتال : پەڕۆ و پاتالی ناو مال	اثاثیه منزل .
پرتوکی : بێبن و بنچینە	بیقاعده .
پرچ : پرچ . قژ . مۆ	موهای جلوسر .
پەرچ‌کردە : پەرچ‌کردن . پینەکردن. بزمار ڕێژکردن .	پهن‌کردن یکسر میخی که از تخته یا آهنی عبور کرده‌است .
پورچنە : زۆربلێ . چەقە چناوە	پرحرف . یاوه‌گو .
پەرچە : ئاغەڵ	آغل . جای‌گوسفندان .
پەرچی : پەرژین	حصاری از درختان تیغ‌دار که دور باغ یا جائی کشیده شده باشد .
